فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی شازدەیەم: لە بارەی صوڵح وڕێکەوتنەوە

الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب السادس عشر: في الصلح

< kurdish - كردي - کوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# صوڵح وڕێکەوتن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی پەرتووکی مامەڵەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لە بارەی صوڵح وڕێکەوتنەوە سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانا ومەبەستی صوڵح وڕێکەوتن وبەڵگەی مەشروعیەت ودروستی، بابەتی دووەم : جۆرەکانی صوڵح وڕێکەوتن بەشێوەیەکی گشتی، بابەتی سێهەم : چەند حوکمێکی پەیوەست بە صوڵح وڕێکەوتن .

**بابەتی یەکەم : مانا ومەبەستی صوڵح وڕێکەوتن وبەڵگەی مەشروعیەت ودروستی :**

1- مانا ومەبەستی صوڵح لە زمانەوانیدا : بە مانای ڕێکەوتن دێت، واتا : نەهێشتنی ناکۆکی و ناتەبایی .

لە زاراوەی شەریعەتی ئیسلامیشدا : مەبەست لەو گرێبەستەیە کە ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان دوو لایەنی ناکۆکدا ناهێڵێت .

2- **بەڵگەی مەشروعیەت ودروستی صوڵح وڕێکەوتن :** قورئانی پیرۆز و سوننەت و کۆدەنگی زانایان هەر هەمووی بەڵگەن لەسەر ڕاست و دروستی ومەشروعیەتی صوڵح وڕێکەوتن لە ئیسلامدا، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ﴾ (1) .

واتا : ئاشتیی و ڕێکەوتن لەو دڕدۆنگیی ولاساریی وناحەزیەی پیاو وتەڵاق وجیابوونەوەیە چاکترو باشترە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ﴾ (2) .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی 128 .

(2) سورەتی الحجرات : ئایەتي 9 .

واتا : ئەگەر دوو لایەن یان دوو دەوڵەت یان دوو هۆز لە ئیمانداران ناکۆکی وناخۆشیی کەوتە نێوانیان و لەگەڵ یەکتریدا بەشەڕ هاتن، ئەوە ئێوە بکەونە نێوانیان و هەوڵ بدەن بە ئامۆژگاریی لەگەڵ یەك ئاشتیان بکەنەوە .

لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [1] .

واتا : لە زۆربەی چپە و سرتە و قسە نهێنیەکانیاندا هیچ خێرێک بەدی ناکرێت و تیایدا نیە، مەگەر چپەی ئەو کەسەی کە فەرمان بدات بەبەخششێک، یان چاکەیەک، یان ڕێکخستن و صوڵح و ئاشتبوونەوەیەکی نێوان خەڵکی بێت، جا ئەوەی (ئەو شێوازە چاکەیە) ئەنجام بدات و مەبەستی تەنها دەستکەوتنی ڕەزامەندی خوا بێت، ئەوە لە ئایندەدا پاداشتی زۆرو بێ سنوور و گەورەی پێدەبەخشین.

لە سوننەتیشدا بەڵگە زۆرن لەسەر صوڵح وڕیکەوتن، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەو بارەیەوە فەرموویەتی: { الصلح جائز بين المسلمين إلا صلحا أحل حراما، أو حرم حلالا }.[2]

واتا : صوڵح وڕێکەوتن دروست وڕێگا پێدراوە، جگە ئەو صوڵح وڕێکەوتنە نەبێت کە حەرام کراوێك حەڵاڵ بکات، یان حەڵاڵ کراوێك حەرام بکات .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خودی خۆی لە ژیانیدا هەڵساوە بە چەندان ڕێکخستن و صوڵح وئاشتەوایی کردن لەنێوان خەڵکیدا .

هەروەها زانایانی ئیسلامیش هەموو کۆدەنگن لەسەر دروستی و مەشروعیەتی صوڵح وڕێکەوتن وئاشتەوایی کردن لە نێوان خەڵکیدا، بەمەبستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، و پاشان ڕەزامەندی لایەنە ناکۆکەکان .

(1) سورەتی النساء : ئایەتی 114 .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2257) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1229) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی بوخاریە .

بۆیە قورئان وسوننەت و کۆدەنگی زانایان هەموو بەڵگەن لەسەر مەشروعیەت وڕاست ودروستی پڕۆسەی صوڵح وڕێکەوتن و ئاشتەوایی لە نێوان خەڵکی و لایەنە ناکۆکەکاندا .

**بابەتی دووەم : جۆرەکانی صوڵح وڕێکەوتن بەشێوەیەکی گشتی :**

صوڵح وڕیکەوتن وئاشتەوایی لەنێوان خەڵکیدا بە شێوەیەکی گشتی چەند جۆرێکە :

1- صوڵح وڕێکەوتن لە نێوان ژن وپیاودا، ئەگەر ترسی ئەوە هەبوو کە لێك جودا ببنەوە، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا﴾ [1] .

واتا : هەندێک جار ناکۆکی نێوان ژن و پیاو دەگاتە ئاستێك کە ژنەکە لای قازی شکات لە مێردەکەی دەکات، یاخود داوای تەلاقی لێ دەکات، یاخود مێردەکە هێندە بێزار دەبێت کە بچێتە لای قازی بۆ ئەوەی ژنەکەی تەلاق بدات. جا خودای گەورە لەم بارەیەوە بە قازیەکان و دەم ڕاستانی نزیك و خزمی ژن و مێردەکە دەفەرموێت: ئەگەر هەستتان کرد بە ناخۆشی و ناکۆکیەك لە نێوان ژن و مێردیکدا، پێش ئەوەی ناکۆکیەکە تەواو پەرە بسێنێ و توند ببێت و بگاتە ڕادەی تەلاق، ئێوە دوو کەس بکەنە حەکەم، با یەکێك لەو دوو حەکەمە لە کەسوکاری ژنەکە بێت و ئەوی تریشیان لە کەسوکاری مێردەکە بێت.. تاوەکو ئەو حەکەمانە بکەونە نێوان ژن و مێردە ناکۆکەکەو بزانن هۆی ناکۆکیەکەیان چی یە؟!وە هەوڵبدەن بۆ لابردنی، ئینجا ئامۆژگاری دڵسۆزانەی هەردوو لایان بکەن. جا ئەگەر حەکەمەکان هەوڵێکی چاك بدەن و بە جیددی بیانەوێت ژن و مێردەکە ئاشت بکەنەوەو ڕێکیان بخەنەوەو، ژن و مێردەکەیش خۆیان ڕێککەوتنیان بوێت، ئەوە خودا ڕێکیان دەخاتەوەو یارمەتیان دەدات و، ڕێگای پێکهاتنەوەیان بۆ ئاسان دەکات و دەستیان دەگەیەنێتەوە بە یەکتری. بەڵام ئەگەر حەکەمەکان بۆیان دەرکەوت کە هەوڵدانەکانیان بێ سوودەو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە جیابوونەوەی ئەو ژن و مێردە باشترە، ئەو کاتە دەتوانن بڕیاری جیابوونەوەیان بدەن، بێگومان خودا زۆر ئاگادارو شارەزایە بە مەرامی

[1] سورەتی النساء : ئایەتی : 38 .

ئەوانەو بەوەی لە دڵیاندایە هەروەها زۆر شارەزایەو ئاگادارە لە هۆی تێکچوونی نێوان ژن و مێرد .

هەروەها خوای گەورە لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی : ﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضٗا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ﴾ (1) .

واتا : ئەگەر ئافرەتێک لە لووت بەرزی یان پشت هەڵکردنی مێردەکەی ترسا، ئەوە هیچ گوناهیان لەسەر نیە و کارێکی چاکە: ئەگەر نێوان خۆیان چاک بکەن و لەسەر شێوازێک ڕێک بکەون (وەک ئەوەی ئافرەتەکە دەست هەڵگرێت لەهەندێ مافی خۆی تابەڕێزو سەربەرزیەوە بمێنێتەوە لەگەڵ مێردەکەیدا) هەمیشە ڕێکەوتن و تەبایی شتێکی چاک و پەسەندە .

2- صوڵح وڕیکەوتن و ئاشتەوایی لەنێوان دوو لایەنی شەڕکەری موسڵماندا، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ﴾ (2) .

واتا : ئەگەر دوو لایەن یان دوو دەوڵەت یان دوو هۆز لە ئیمانداران ناکۆکی وناخۆشیی کەوتە نێوانیان و لەگەڵ یەکتریدا بەشەڕ هاتن، ئەوە ئێوە بکەونە نێوانیان و هەوڵ بدەن بە ئامۆژگاریی لەگەڵ یەك ئاشتیان بکەنەوە .

3- صوڵح وێکەوتن لە نێوان موسڵمانان و بێباوەڕانی شەڕکەردا .

4- صوڵح وڕێکەوتن لە نێوان دوو لایەنی ناکۆك، کە ناکۆکیەکەیان لەسەر ماڵ وداراییی نەبێت .

5- صوڵح وڕێکەوتن لە نێوان دوو لایەنی ناکۆك، کە ناکۆکیەکەیان لەسەر ماڵ وداراییی بێت، ئەوەشی کە مەبەستی ئێمە لەم ووتار و لێکۆڵینەوەیە ئەم جۆرەیە لە صوڵح و ئاشتەوایی، ئەویش دوو جۆرە : -

جۆری یەکەم : صوڵح وڕیکەوتن و ئاشتەوایی لەگەڵ دانپێدانان، ئەمیش دوو جۆرە :

(1) سورەتی النساء : ئایەتی : 128.

(2) سورەتی الحجرات : ئایەتي 9 .

أ)   صولْح وڕێکەوتنی ئەستۆ پاکبوونەوە : بریتیە لە صولْح وڕێکەوتن لەسەر ئەو شتەی کە دانی پێدانراوە، وەك ئەوەی کەسێکی خاوەن فام وڕوشد دان بنێت بە قەرزێك یان بە شتێك بۆ کەسێکی تر کە لەسەریەتی، پاشان کەسی خاوەن هەق وماف لە هەندێك لەو قەرزەی یان هەندێك لەو شتەی کە دانی بۆ پێدانراوە خۆش بێت وە ئەوی دیکەی وەربگرێت، ئەمەش بریتیە لە ئەستۆ پاك بوونەوە لە هەندێك لەو قەرزەی دانی پێداناوە بە لەفزی صولْح وڕێکەوتن، ئەم جۆرەش لە صولْح وڕێکەوتن کارێکی دروست و ڕێگا پێدراوە بەو مەرجەی ئەو کەسەی لەو بەشەی مافەکەی خۆش دەبێت لەو کەسانە بێت کە دەتوانێت ماڵو دارایی خۆی ببەخشێت، وە بەو مەرجەش ئەو لێخۆش بوونە بە مەرج نەگیرا بێت لە دانپێدانانەکەدا .

ب)  صولْح و ڕێکەوتنی بەرامبەر : ئەمەش بریتیە لەوەی کە صولْح وڕێکەوتن لەسەر شتێکی تری جگە لەو شتە بکرێت کە دانی پێداناوە، وەك ئەوەی کەسێك دان بەوەدا بنێت کە قەرزێك یان مافی کەسێکی تری بەسەرەوەیە، پاشان هەردوولا بێن صولْح وڕێك بکەون لەسەر پێدانی شتێکی تری جگە لەو شتەی کە دانی پێدانراوە، ئەمەش حوکمی کڕین وفرۆشتنی هەیە، خۆ ئەگەر صولْح وڕێکەوتنەکە لەسەر سوود و مەنفەعەیەك بێت، ئەوا حوکمی بەکرێدانی هەیە .

جۆری دووەم : صولْح وڕێکەوتن لەگەڵ ئینکار و دان پێدانەنان : وەك ئەوەی کەسێکی بانگەشەی ئەوە بکات مافێکی بەسەر کەسێکی ترەوە هەیە، یان قەرزی بەلایەوەیەتی، بەڵام ئەو کەسەی کە داواکەی لێکراوە ئینکاری ئەو مافە یان ئەو قەرزە دەکات، یان بێدەنگ بێت و نەزانێت کە مافێکی لەو شێوەیەی بەسەرەوەیە، پاشان کەسی داواکار صولْح ڕێکەوتن بکات لەسەر ئەو شتەی بانگەشەی بۆ دەکرد بەرامبەر ماڵ وسامانێکی حازر، یان ماڵ وسامانێکی دواخراو، ئەم صولْح وڕێکەوتنە بەم حاڵەوە صولْحێکی دروستە، ئەگەر هاتوو کەسی داواکراو ئینکاری ئەو مافە بکات و باوەڕی وابێت بانگەشەیەکی باتڵ و نادروستە، بەڵام بۆ دەفعی بەلا ونەهێشتنی ناکۆکی و دوور بوون لە سوێند خواردن ڕازی

بێت ئەو ماڵ وبرە پارەیە بدات بە داواكارەكە، لە هەمان كاتدا كەسی داواكار باوەڕی بە ڕاست ودروستی بانگەشە وداواكەی هەبێت، بۆیە ئەو ماڵو برە پارەیە وەك قەرەبووی هەق ومافەكەی خۆی وەردەگرێت .

**بابەتی سێهەم : چەند حوكمێكی پەیوەست بە صوڵح وڕێكەوتن :**

1- دروستە صوڵح كردن وڕێكەوتن لەسەر هەق ومافێكی نادیار، ئەویش بەوە دەبێت هیچ زانیاریەكی نەبێت لەبارەی ئەو قەرز و شتەی كە لە نێوان دوو كەسدایە، وەك ئەوەی كە دوو كەس حساب و مامەڵەیەكیان لە نێواندا بووبێت و كات وماوەیەكی بەسەردا تێپەڕ بووبێت، بەڵام هیچ كەسێكیان نەزانێت چ هەق ومافێكی بەسەر هاوڕێكەیەوە هەیە .

2- دروستە صوڵح وڕێكەوتن لەسەر هەر شتێك كە دروست بێت قەرەبووی لەبەرامبەردا وەربگیرێت، وەك صوڵح وڕێكەوتن لەسەر وازهێنان لە قیصاص وتۆڵەكردنەوە بەرامبەر بە وەرگرتنی ئەو بریتی و قەرەبووەی كە شەرع دیاری كردووە، یان بەصوڵح كردن بە كەمتر یان زیاتر لەوەی شەرع دیاری كردووە .

3- دروست نیە صوڵح و ڕێكەوتن لەسەر شتێك كە دروست نیە قەرەبووی لە بەرامبەردا وەربگیرێت، وەك صوڵح وڕێكەوتن لەسەر حدود و سنورە شەرعیەكان، چونكە جێ بەجێكردنی حدود و سنورە شەرعیەكان بۆ ئەوە دانراون كە ببن بە هۆی گێڕانەوەی كەسانی تاوانبار لە تاوانەكەیان و لەهەمان كاتیشدا ببێت بە دەرس و پەند وەرگرتن بۆ كەسانی تر كە زاتی ئەوە نەكەن كە تاوانێكی لەو شێوەیە ئەنجام بدەن .

[ لەخوای گەورە داواكارین كە بە میهرەبانی و بەخشندەیی خۆی ناكۆكی وناتەبایی نێوان موسڵمانان كۆتایی پێ بهێنێت و ڕیزەكانیان یەكبخات، وە ئاشتەواوی وگیانی برایەتی نێوانیان بەهێزتر بكات، تاوەكو ئەو سەربەرزی وعیزەتەی كە موسڵمانان پێشتر هەیان بوو بۆیان بگرێتەوە ]

وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم